عەلی خامنەیی: ئێران خزمەتکارێکی دڵسۆز و بەنرخی لەدەستدا

ئایەتوڵا عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەبۆنەی گیان سپاردنی سەرۆککۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و یاوەرانی ڕایگەیاند خوالێخۆشبوو ڕەئیسی ژیانی سیاسیی بە تەواوی لە هەوڵی بێ وەستان لە خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و ئیسلامدا بەسەر برد ،و خۆشگوزەرانی و ڕەزامەندی خەڵکی بە ئاماژە دەزانی بە ڕەزامەندی خودا، لەو ڕوانگەیەوە شەو و ڕۆژ کاری دەکرد بۆ ئەو مەبەستە.

خامنەیی وتیشی بەم بۆنەیەوە بە ماوەی پێنج ڕۆژ ماتەمینی گشتی ڕادەگەیەنم و سەرەخۆشی لەگەلی ئازیزی ئێران دەکەم. ئاماژەی بەوەدا : بەپێی ماددەی ۱۳۱ی دەستوور، بەڕێز موخبەریش دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەگرێتە ئەستۆ، دەبێت لەگەڵ سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری هەماهەنگی بکەن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی پەنجا ڕۆژدا.